# رونكردنەوەیەك لەلایەن لێژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان سەبارەت بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز

**بەرواری دابەزاندن:** 19/03/2013 : 15:20:27




**قەبارەی فۆنت** + −

نەورۆز جەژنێكێ نەتەوەیی گەلی كوردستانە، نیشانەی سەركەوتن و كۆتایی هاتنە بە زوڵم و ستەم و زۆرداری لە مێژووی نەتەوەكەماندا، تا ئاشكرای بكات كە گەلێكی سەربەخۆی خاوەن ناسنامەی خۆیەتی، و پەیوەندی بە بیروباور ( العقیدە ) و پەرستشەكان ( العبادات ) نیە.

بۆیە ئێمە لە روانگەی فەرموودەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت)، وە بۆچوونی زانایان بە دروست و رەوای دەزانین‌و، شتێك نییە دژایەتی هەبێت لەگەڵ ئایین و بیروباوری مسوڵمانان، لەبەر ئەم هۆیانە:

1- یاسایەكی فیقهیمان هەیە كە دەڵێ: (( الأصل في الاشياء الاباحة)) واتە: ئەسڵ و بنەرەت لە هەموو شتێكدا رێ پێدان و درووست بوونە مادام دەقێكی وەها نەبێت

کە قەدەغەی بکات.

2- هەموو گەل و نەتەوەیەك لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا ڕۆژێکیان تەرخان کردووە بۆ خۆشی و ناوییان لێناوە جەژنی نیشتیمانی.

3- پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی (( لکل قوم عید وهذا عیدنا )) رواه البخاری و مسلم، واتە: هەموو گەل و نەتەوەیەك جەژنێکی هەیە ئەمەش جەژنی ئێمەیە کە مەبەست پێی جەژنی قوربان بوو.

4- لە ڕوانگەی شەرحەکانی (( فتح الباري و عمدة القارى، و إرشاد الساري )) بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) جەژنی ئاینی بووە نەك جەژنەکانی تر، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دانی بە جەژنەکانی تر داناوە وە بەوەی دەفەرموێ ( لکل قوم عید ) بۆ هەموو نەتەوەیەك جەژنێك هەیە، جەژنی ئیسلامیش جەژنی ڕەمەزان و قوربانە، وە هیچ دژایەتیەك نیە لە نێوان جەژنەکان وەك جەژنی ئاینی کە عیبادەت بێت کە هەر ئەم دوانەیە و ئەوانی تر کە عادەت و نەریتە.

5- هیچ دەقێك لە قورئان و فەرمودەدا نییە کە ڕێگە نەدات بە بۆنەکان بگووترێت جەژن وەك جەژنی دایك و جەژنی ئافرەتان، جەژنی نەتەوەیی و نیشتیمانی، لەم بارەوەیەش ماموستای زانا و گەورە مامۆستا عبدالكريم الدبان لە گۆڤاری ( التربية الاسلامية ) لە وەڵامی ناونانی بۆنەی نەورۆز بە جەژن فەرمویەتی: (( اما تسميته عيدا فليست حراما ولا مكروهة إلا إذا ان ذالك اليوم عيد وضعه الشارع )) واتە: ناوبردنی بە جەژن حەرام نیە و مەکروهیش نیە، بەلکو لە کاتە حەرام دەبێت کە ئەو جەژنە بە جەژنێکی ئاینی بزانیت و باوەری وابێت کە لەلایان خواوە دەست نیشان کراوەو
دانراوە.

6- هەر بۆیە هەرگیز نەتەوەی کورد باوەری وا نییە کە خوای گەورە ڕۆژی نەورۆزی بە جەژن بۆ ئێمە دانابێت، بەلکو خۆمان وەکو نەتەوەیەك ڕۆژی نەرۆزمان وەك جەژنێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بۆ خۆمان داناوە.

7- وە شتێکی ئاسایە ئێمە وەکو موسوڵمان لە پاڵ جەژنی ئایینی جەژنێکی تری نیشتیمانیمان هەبێت ئیتر بە هەر ناوێکەوە بێت، وە پێچەوانەی هیچ دەقێکی شەرعی صريح و صحيح دا نیە.

8- ئەمەش کە بە شێوازی ناشەرعی ژن و پیاوێك تێکەڵ دەبن، ئەمە ڕاستە حەرامە و ڕێگە پێدراو نییە لە شەرعدا بەو شێوەیە، بەڵام ئەم حەرامی (لذاته) نییە بەلکو حەرامێکی (عارضي) یە، و ئامۆژگاری گەنج و لاوە موسڵمانەکانمان بکەین لە سەر خراپی تێکەل بوون بەم شێوەیە و ڕێنمونیان بکەن.

9- لە سالی 1970 زانایانی کوردستان هەریەك لە: (( م.شێخ محمدی خال، و م. مصطفی نجیب قەرەداغی، و م. عبدالحمید ئەتروشی، و م. شێخ محمد ی قەرەداغی، و م. سید حسن لە کەرکووك، و م. ملا عبدالله چروستانی، و م. ملا عبدالرحيم پەرخی، و م. ملا عبدالسلام ))فتوایان داوە کە نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی کوردەو ئاگری نەورۆزیش ئاماژەی سەرکەوتنی شۆرشی نەتەوەیەکە بە

سەر زولم و ستەم دا، نەورۆزیش سەری سالی نوێی کوردیە، خۆی لە خۆیدا بۆنەیەکی رەوایەوە ئەگەر شتی نا ئاسایی و نا پەسەندیش – خوا نەخواستە – لە هەر بۆنەیەك رووبدالت نابێت بەم هۆیە بۆنە و جەژنێکی نەتەوەیی گەلەکەمان لە کەدار بکەین.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان

لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان

3/2013 /19